# دەنگ بە دەستور مەدەن !!

**سیروان ئەمین**

دەستوری تازە کە لە دینی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتوە هیچ شی کردنەوەو تەفسیلێکی ناوێ و لەیەکەم برگەوە بگرە لە پێشەکیەکەشەوە دیارە کە ئەم دەستورە چەند دژی بەرژەوەندی سەرجەم چین و توێژە نەدارەکانی خەڵکە .

ئەم دەستورە بەلای حیزبە شیعەکانی سەربە جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە باشترین دەستورە و تەواو خزمەت بە بەرژەوەندیەکانیان دەکات بە تایبەتی کە سەرتاپای پڕە لە کۆنەپەرستی و دواکەوتوی، لێرەشەوە ئەوەی ئەوان دەیانەوێ ئەوەیە ئەم دەستورە بکەنە ئامرازێکی سەرکوتکردنی خەڵک و ماف و ئازادیەکانیان داگیر بکەن.

سەبارەت بە یەکیتی نیستمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەستور زۆر تر بەلای سەرکردەکانیانەوە گرنگەو دەسکەوتە تا بەلای جەماوەرەکەیانەوە هۆکارەکەیشی ڕوونە کە بە تەبیعەتی ئەم حیزبانە حەزیان لە پلەو پایەو کورسی و کۆکردنەوەی سەروەت و سامانە هەمیشەش بەکردەوە ئەمەیان سەلماندوە، پەلەقاژەی ئەم ماوەیەیان سەبارەت بە زلکردنەوەی دەستور و پیشاندانی وەک دەسکەوتێکی مێژویی گەورە و تەرخان کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ دەستور ترسە لەوەی کە خەڵک دەنگی پێ نەدا و جەنابیان شەرمەزاری بەردەم ئەمریکا ببن و بڕوا لە دەست بدەن.

بەلای ئەمریکاشەوە پینتاگۆن و کۆنگرس پێیان وایە کە ڕەنگە دەنگدان بە دەستور تۆزێک لە ڕاستگۆی ئەمریکا لە بەردەم خەڵکی دونیاو بەگشتی و خەڵکی ئەمریکا بەتایبەتی بە ڕێتە سەرەوەە کە لە دەستی داوە .

وە ئەمریکا پێی وایە و دەزانێ کە لەم حیزبانە دڵسۆزتری نیە کە ئێستا دەستور دادەڕێژن بۆ نمونە هەر لە ئێستاوە جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەلجەعفەری شیوەنی ئەوەیانە کە دەبێ ئەمریکا بمینێتەوەو جێیان نە هێڵێ چونکە تا ئێستا توانای ئەوەیان نیە کە پارێزگاری خۆیان بکەن.

ئایا ئەم دەستورە بۆ خەڵکی عێراق بە گشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی چی دەگەیەنێ؟؟!

دارشتنی بەڵگەنامەیەکی وەک دەستور لە هەموو دونیادا پێویستی بە کۆمەڵێک زەمینە سازی هەیە کە زۆر گرنگن وەک باری ئاسایشی خەڵک کە هەموان تەواو ئازاد بن و بتوانن بیربکەنەوە ، لە وەش گرنگتر ئەوەیە هیچ فشارێکی مادی و مەعنەوی لە سەر دەنگدەر نەبێت کە ئێستا لە عێراق دا ئەم دوانە هیچ کامیان وجودیان نیە و ڕۆژ نیە دەیان کەس پارچە پارچە نەبن نە کوژرێن هەروەها چەندین جۆر دەستەی چەکداری میلیشایی و بەندی تیرۆرییست بەدیار سەری خەڵکەوەن و هەڕەشە لە چارەنوسیان دەکەن وخەرێکی کوشت و برن وەچەندین دەسگای ئاینی وەک مەرجەعیاتی شیعە و ئایەتوڵا سیستانی کە لە هەڵبژاردنی پێشتر وتی ئەگەر دەنگ نەدەن دەچنە جەهەنم و خوا عافتان ناکات بۆ نمونە فشار دەخەنە سەرخەڵکی و هانیان دەدەن بۆ دەنگدان، ئەمە بێجگە لە بێکاری و گوزەرانی خەڵک کە هیچێک لە ئاو کارەبا و سوتەمەنی و دەرمان و پێداویستیەکانی ژیان نین و تەنها کەمینەیەکی کەم لێی بەهرەمەندن، لەم زەمینەیەدا نابێت و ناکرێت شتێک هەبێت ناوی ڕاپرسی یان هەڵبژاردن بێت ئەوەش بە زۆر و فشار بچەسپێ دەبێتە دەسەڵات و دەستوری سەرو خەڵکی و لە نزیک و دورەوە پەیوەندی بە خەڵکەوە نیە.

لە لایەکی ترەوە ئەو دەستورە کەمترین گرنگی دەدا بە مافەکانی لاوان منداڵان و ژنان کە ئەگەریش بە ناچاری لە چەند خاڵێکی لاوازدا باس کرابێ لە دیدی ئیسلامەوەیە کە ئیسلام خۆی یەکێکە لە هۆکارەکانی خنکاندی ئازادی و مافی مناڵان و ژنان.

سەبارەت بە خەڵکی کوردستان ئەم دەستورە دەیەوێ لە ڕوی یاسایەوە ئەو خەڵکەی بە خرۆشان و ڕاپەرین لە حکومەتی قەومی بەعس و دەسەڵاتە فاشیەکەی جیابوونەوە بە شێوەیەکی یاسایی بیانباتەوە بەردەم دەسەڵاتی قەومی و ئیسلامی سیاسی، بۆیە خەڵکی کوردستان نەک هەر دەبێ دەنگ نەدەن بەو دەستورە بەڵکو دەبێ بەڕویدا بوەستنەوەو ڕیسوای بکەن ، دەبێ خەڵک وشیار بن بزانن کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ڕابوردوو چەند توانی سنورێک دابنێ بۆ قەتڵ و عام کردنی خەڵکی عێراق ئەم دەستورەش هەر ئەوەندە دەتوانێ ، هەموانیش دەزانین چ تەبلیغآتیان کرد و چەند وەعدەو بەڵێنی پوچ وبێ ناوەڕۆکیان بە سەر خەڵکدا دابەش کرد کە هیچیان وا دەرنەچوو.

لە بەر هەموو ئەمانە با رۆژی ڕاپرسی بکەینە ڕۆژی وەستانەوە بەرانبەر بە زوڵم ستەمێک کە دەیانەوێ بە ناوی دەستورە و لە خەڵکی بکەن ، با نوێنەرانی جمهوری ئیسلامی ئێران و سی ئای ئەی ئەمریکا ڕسوا بکەین.

2005/10/10